## زۆر بەخێر بێن
## بۆ نیشتیمانی نوێی خۆتان،
## کۆماری فێدڕاڵی ئاڵمان!

ئێوە بڕیارتان داوە کە لە داهاتوودا لە گەڵ هاوسەری ژیانتان لە ئاڵمان بژین. ئەمە بڕیارێکی گرینە بۆ خۆتان، بۆ منداڵەکانتان و گشت بنەماڵەکەتان.

بۆ وەی کە ئێوە ئەو هەستەتان نەبێ کە لە وڵاتی "بێگانەن"، بەڵکوو بە پێچەوانەکەی بە زوویی و خێراییەکەی هەرچی زۆرتر مورتاح بن و تێکەڵ کۆمەڵگا بن، حەز دەکەین لەم برۆشورەدا ڕێنموونیتان بکەین و زانیاریتان بدەینێ.

ئادرێسی ئەو شوێن و ناوەندە ڕاوێژکاریانەی کە ئێوە لە مەڕ ماف و ئەرکەکانتان ئاگادار دەکەنەوە، لە کۆتایی ئەم لاپەڕە و برۆشورەدا دەبینن.

## ژیانی نوێ، دەرفەتی نوێ

سروشتییە کە ژیان لە وڵاتێکی نوێ زۆر شتی تازە و نوێ لەگەڵ خۆی دێنێ، بەتایبەتی زمانێکی تر، سیستم ژیان و شێوازی کۆمەڵایەتی و یاسایی نوێ. ڕەنگە بە پێی وەی کە ئێوە لە چ وڵاتێک را هاتبێن، تەنانەت هەواکەشی بۆ ئێوە نامۆ و سەیر بێ و یاخود جیاوازییە فەرهەنگییەکان زۆر بەرچاو بن. وەرن کارێک بکەن کە ئەم جۆراجۆرییە و جیاوازیانە و ئەزموونە نوێیانە ژیانی ئێوە بەناوەڕۆکتر و دەوڵەمەندتر کەن و دەرگایەک بکەنەوە بەرەو شانس و دەرفەت و دەرەتانی نوێ. یەکەم هەنگاوی گرینگ ئەوەیە کە ئێوە هەر لەسەرەتا تێبکۆشن خەڵک و وڵاتی ئاڵمان بناسن، تێکەڵاویان بن، پەیوەندیان لەگەڵ بگرن، لەمەڕ ماف و ئەرکەکانتان ڕێنموونی و ئاگادری وەرگرن و بە پێی ئەم یاسا و ڕێسایانە هەڵسوکەوت بکەن. لێرەدایە کە بۆتان دەردەکەوێ کە زۆر کەس لە ئاڵمان بۆ لای ئێوە دێن.

## بەرنامەی داهاتوو و
## سەرکەوتنی خۆتان داڕێژن

گرێدراو بە وەی کە ئێوە چ پلانێکتان بۆ ژیانی داهاتووتان لە ئاڵمان هەیە، ڕێگا و دەرفەتی جۆراجۆر بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانتان لە ئاڵمان هەن.

- ئەرێ حەز دەکەن لە ماڵ بمێننەوە و منداڵ گەورە بکەن؟
- گەرکەتانە لە پەنای کاری بنەماڵە لەدەرەوەش ئیش و کار بکەن؟
- بەتەمان لە زانکۆ دەرس بخوێنن؟
- دەتانهەوێ لە بەشێکی دیاریکراودا کورسێک بۆ فێربوونی کارێک بکەن؟
- یاخود بە هیوای وەن سەروەت و سامان و بەهرە و لێهاتوویی و تواناکانی خۆتان بۆ کار وەگەڕ بخەن؟

بۆ گشت ئەم مەبەست و ڕێگایانە لە شار و ناوچەی ئێوە ناوەندی پیشتوانی هەن. یارمەتی حکومەتی و ڕێکخراوە سەربەخۆکان زۆر جاران دەتوانێ یاریدەری ئێوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و خۆزگەکانتان بێ.

## قەیران و دژوارییەکان

دژوارییەکان، قەیرانەکان و کێشەکان بەشێک لە ژیانی ئێمەن. چەند شوێنی ڕاوێژکاری هەن کە لە خزمەت ئێوە کار و تێکۆشان دەکەن، بۆ وێنە:

- کاتێک کە موشکیلەو لە گەڵ زمانی ئاڵمانی هەبێ،
- کاتێک لە قوتابخانە، لە کورسی کار، یاخود لەبارهێنانی منداڵەکانتان تووشی گرفت بن،
- کاتێک لە گەڵ هاوسەرەکەتان کێشەو بۆ ساز بێ و ئەم گرفتانە کێشەی ئیقامەتان بۆ ساز بکەن. بەشێک لەم ناوەندانە کارمەند و هاوکاری وایان هەن کە زمانی دایکی ئێوەش قسەدەکەن، یاخود وەرگێڕێک دەبیننەوە کە کاری تەرجومانتان بۆ بکا.

زۆر جاران ئەم گرفت و کێشانە گوشار دەخەنە سەر مرۆڤ. هەربۆیەش زۆر گرینگە کە بناسرێن و ڕێگای چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. تکایە پێش ئەوەی کە گرفتەکان بۆتان ببنە کێشەی گەورە بچن بۆ ناوەندەکانی یاریدەر.

ئەو ناوەندە ڕاوێژکاریانە لەگەڵ گشت قسەوباسەکان و زیانیارییەکان بەنیسبەت ئێوە بە نهێنی و متمانە هەڵسوکەوت دەکەن و بە پێی یاسا بۆیان نییە بێ ئێزن و پرسی ئێوە هیچ زانیارییەک بیدەن بە شوێن و کەسی تر..

بۆ ئاگاداری زۆرتر پەیوەندی بکەن بەم ناوەندانەی خوارەوە:

- **بۆ ئامۆزگاری و ڕاوێژی سەرەتایی**

Erste Migrantenberatung، IFAK e.V.
ئادرێس: Gremmestr. 19, 44793 Bochum
تەلەیفوون: 0234/3258242
فاکس: 0234/3258243
ئیمەیل: sozialdienst@ifak-bochum.de
ماڵپەری ئینتێرنێت: http://www.ifak-bochum.de

- **کورسی زمان و وڵات تێکەڵبوون لە گەڵ کۆمەڵگا**

Integrationskurse, Integrationskurse bei der IFAK e. V.
ئادرێس: Engelsburger Str. 168, 44793 Bochum
تەلەیفوون: 0234/67221
فاکس: 0234/683336
ئیمەیل: ifak@ifak-bochum.de
ئینتێرنێت: http://www.ifak-bochum.de

- **یارمەتییە کۆمەڵایەتی ـ بارهێنانییەکانی بنەماڵە**

Sozialpädagogische Familienhilfe
ئادرێس: Engelsburger Str. 168, 44793 Bochum
تەلەیفوون: 0234/67221
ئینتێرنێت: http://www.ifak-bochum.de

- **یارمەتی لە بواری پرسی ئیقامە و یاسای نیشتەجێبوون**

Aufenthaltsrechtliche Hilfe
Medizinische Flüchtlingshilfe Bochum e.V.
ئادرێس: Dr. Ruer-Platz 2, 44787 Bochum
تەلەیفوون: 0234/3259272
فاکس: 0234/904 1381
ئیمەیل: sozialdienst@mfh-bochum.de
ماڵپەری ئینتێرنێت: www.mfh-bochum.de

- **یارمەتی بە کچان و ژنان**

Sozialpädagogische Familienhilfe
MIRA - Internationales Bildungs- und Beratungszentrum für Frauen und Mädchen e.V.
ئادرێس: Westring 43, 44787 Bochum
تەلەیفوون: 0234/3259176
ئیمەیل: info@mira-ev.de
ماڵپەری ئینتێرنێت: www.mira-ev.de

# مافەکان و ئەرکەکانی من وەک کۆچەری تازە هاتوو بۆ ئاڵمان

## لە کوێ وڵامی پرسیارەکانم وەردەگرمەوە؟

لاپەڕەیەک بۆ ئاگاداری ئەم بەیانی و کۆچەرانەی کە تازە هاتوون بۆ بۆخوم

چالاکییەک لە لایەن



کۆمەڵەی یاریدەدەری پزشکی لە بۆخوم

*Medizinische Flüchtlingshilfe Bochum e.V.*
Dr. Ruer-Platz 2, 44787 Bochum;
Telefon 0234-3259272; Telefax 0234-9041381;
www.mfh-bochum.de

***kurdisch Surani***